# له شەوەزەنگی بیرەوەرییەکاندا

**مامەند جەهانمیهەن**

دوو شەو بوو شەستە بارانی بەهار هەڵیکردبوو و خۆشی نەدەکردەوە، جگە لە گرمەی هەور و تروسکەی بروسکەی ئەو شمشێرەی بێوچان بە چواردەوریدا دەیوەشاند، زرمە و ناڵەی تۆپ لە سنووری گەرمییان ئەم کەژ و کۆیەی دەلەرزاند.



بەیانی زوو هەر چەند سەرەتا سپی ڕۆژ بوو و ناوەناوە خۆر بەدەرەوە بوو بەڵام زۆری پێنەچوو هەورێکی چڵکن و مرچ و مۆن سەرپاکی ئاسمانی ئەو ناوەی داپۆشی.

ڕیزە چیای" قەراخ" تازە خەریک بوو تەم و مژی ئەو شەوەی لەخۆی دەتەکاند کە لەناکاو وەک لەشکری مەل و موور، ژن و پیاو و پیر و لاو بەو ناوە وەربوون و بە تووڵەڕێیەکان دا هاتنەخوار و ئاودیوی "شارەزوور" بوون و بەرەو سنووری ئێران ڕێچکەیان بەست.

ئێمە بۆ ئەوەی فریای ئەم خەڵکە ماندوو و برسی و بێ هاوکار و داشدارە بکەوین، بە سێ قوڵدا بەرەو تیرەشانەکان وەرێکەوتین، چەند کەسیشمان لە پێدەشتەکان خەڵکیان بەرەو کاولی دەواجینەکان ڕەوانە دەکرد و خواردنیان پێدەدان.

هەر کە تۆزێک هەڵگەڕاین، لە داوێنی کەژەکە لە ئاودرێ نێوان گابەردێک و دەوەنێکدا، لاوێک پاڵ کەوتبوو و خۆی گرمۆڵە کردبوو، برینێکی قووڵ لە ژێر پشتێندەکەیەوە دیار بوو کە لەگەڵ هەناسەکێشان خوێنی دەدەڵاند. چەکەکەی بە هەر دوو کڵاوەئەژنۆی توند گرتبوو، چاوی دەگێڕا و لێوی دەبزاوت، بەڵام دەنگی دەر نەدەهات.

دیار بوو جەنگاوەرێکی بریندار و ماندووە و دابڕاوە و تا ئێرە بڕی کردووە و شەوبای شەوی ڕابردوو دوایین لاپەڕەی کتێبی ژیانی هەڵداوەتەوە و لەگەڵ خۆیٚ بردووە.

جامانەکەی بە دابی گەرمییانی بەستبوو، داستان و ڕووداوەکانی ژیانی لەسەر ڕوخساری سیس و ماندوو و کەسیرەبووی شوێنەواریان بەجێ هێشتبوو، ئەم پیاوە کێ بوو؟ دەنکێکم خورما لە دەمی نا، بەڵام تازە لەوە دەرچووبوو بتوانێت خواردن بخوا.

هەر کە لە ملانەکە نیزیک بووینەوە، چاومان بە کوڕێک کەوت کە وەک ئەوەی بەرەو ڕەشەبا بڕوا خۆی کووڕ کردبۆوە و بەرەو خوار دادەگەڕا، ژنێکی جەوان بە قوڕپێوان و سینگ کوتان و شیوەن و گریان بەدوایدا هەڵدەهات.

ئەو جووتە ژن و مێرد بوون، بە درێژایی ڕێگا، لە ژێر ڕێژنەی باران و تەرزەدا، مەلۆتکەی ساوایان بە نۆرە هەڵگرتبوو، لە جێیەک منداڵەکەی لە ژنەکەی وەرگرتبوو و کوتبووی: تۆ ئەم ڕێگە بگرە و بڕۆ، تا من وچانێک دەدەم و لە ملانەکە پێت دەگەم.

هەر کە ژنە لێ نەدیو ببوو، کاشەبەردێکی بەسەری منداڵەکە کێشابوو و کوشتبووی و بەجێی هێشتبوو، ژنە هەموو جۆرە ترسێکی لەخۆی داڕنیبوو و بەبێ پەروا دەدوا و هاواری دەکرد و جوێنی پێدەدا، کوڕەکەش بێدەنگ نەدەوێستا و گەلێک قسەی سووک دەنایە پارسەنگ و وەک هەنگەژاڵی هارووژاو دەیزانی بە کوێیەوە بدا تا ژانی بە گیانی بگەیێنێت.

سەر و لاوێچێکمان خورما پێدان، کوڕەکە بە پەلە خەریک بوو خورماکەی خۆی دەخوارد، ژنەکەش توند بە چنگ گرتبووی و وڕ و کاس لە ئێمەی دەڕوانی و چاوی نەدەترووکاند.

لە ڕووکاری قۆپی قەراخ چاوم لێبوو ماشێنیک بە پرتاو هات و خۆی بە دەراوێکدا کرد و هەر چوار دەرگای خستە سەرپشت، ئیتر دەنگی هاوار و گریان ئەو ناوەی داگرت.

پیرێژنێکی قەڵەوی گۆشتنیان لە ماشێنەکە کێشایە خوار و لە سەر زەوی درێژیان کرد، بەڵام تازە لەمێژ بوو درنگ ببوو و گیانی دەرچووبوو، دوو نەوەی منداڵ خۆیان بۆ تەرمەکەوە نووساندبوو و دەیانزریکاند، بووک لە دەوریان دەگریا و بەسەری خۆی دادەدا، بە هەنگاوی قورس و گران کە وەک قاز خۆی دەلەنگاند، دیار بوو دووگیانە و لە سەر مانگ و ڕۆژی خۆیەتی .

کوڕەکەی بە ئارامی لێی دەڕوانی و دلۆپێک فرمێسک لە سووچی چاویدا دەبرووسکایەوە،ئەوجار ڕووی لە ئێمە کرد و پرسی: داخوا ئێوە ژنتان لەگەڵە بێت و بە خێری خۆی ئەم پیرێژنە بشوا و بینێژێت.

تەرمەکەمان خستە سەر لا و چارۆکەکەمان لە شانی دەرهێنا، چی ببینین! چەند پەتاتەی کون کردبوو و لە ژێرەوە بە پەتێک وەک فیشەکدان لە ناوقەدی خۆی بەستبوو، دیار بوو دانابوو لە تەنگانەدا و زگی خۆی و نەوەکانی پێ تێر کات.

پیاوێکی جلوبەرگ قوڕاوی لە ڕێگا لایدا و پرسیاری مێرمنداڵێکی لێکردین کە شەوی ڕابردوو لە بنەماڵەکەی هەڵبڕاوە، گلەیی و گازندەی لەوە بوو کە ئێمەی کورد دەست لە خوو و خدەی خۆمان بەرنادەین، گێڕایەوە کە شەوی پێشوو لەبەر شەکەتی لە کەنار ڕێگا و لەناو قوڕ و چڵپاودا خەوی لێکەوتووە ،کەچی کەسێک بە تەنیشتیدا تێپەڕیوە و بەزەیی پێدا نەهاتووە چەکەکەی لێدزیوە.

لەسەر یاڵ تووشی دایکێک و کچێکی منداڵکار بووین، دایک قاچی ترازابوو و پووزی بەجۆرێک ئاوسابوو خۆی بەپاوە نەدەگرت، وەک ئەوەی ترسی هەبێت داڵ یان درندەیەک لەناکاو پڕ بە کێژۆڵەکەی داکات و هەڵیبگرێت ، توند لە ژێر باڵی گرتبوو و لە خۆی دوور نەدەخستەوە، نازانم بە کام زمان دەدوان، ڕەنگە "سریانی" بووبێت بەڵام من جگە لە وشەی "حدود" کە دەستی بۆ ڕادەداشت و پرسیاری دەکرد، هیچی تری لێ تێنەگەیشتم.

سەر لە ئێوارە لە ڕێگای گەڕانەوەماندا بە ڕێکەوت بەسەر جەستەی خوێناوی و سەری پژاوی ئەم مەلۆتکەدا کەوتین کە باوکی سەرشێت و هار وەک کوێرەمار سەری پان کردبۆوە.

ڕۆژگارێکە لە پەراوێزی ژیاندا دەژیم و چاوەڕوانی تێپەڕینی تەمەن دەکەم، هەموو وێنە ڕەنگاوڕەنگەکانی ژیان لێڵ و تار بووە و تەمی گومان و دوودڵی لەسەر نیشتووە، هێندێک لە ڕووداوەکان لەبیر چوون و گوم بوون و هێندێک شێواون و لەناو خەون و خەیاڵ گلاون، بەڵام دیمەنەکانی ئەم ڕۆژە ڕوون بێگەرد وەک خۆیان ماون و نەژاکاون و هیچ نەگۆڕاون.

ئەی نیشتمان، لەم سەرەتای خاکەلێوەی ژیان ئەم وێنانە چیبوو نیشانت دام.

١- دەواجین: جووجەخانە، شوێنی بەخێو کردنی مریشک.

٢-زمانی سریانی:یەکێک لە شێوەزارەکانی زمانی ئارامیی کۆنە.

٣- وێنە: لە گووگڵ وەرگیراوە.